٢ ــ کەو بەسەرما زۆر قەرسەو گەلێك جار لە رۆژگاری بەفرو سەهۆڵدا خۆی دەکوتێتە ناو ئەشکەوتێکو زۆر جـــار دەبێتە خۆراکی گورگو رێوی‌و بە ئاسانی دەکەوێتـــە دەست راوکەران .

٣ ــ لە جۆرەکانی راوی کەو ، جۆری راو بە (دێوجامە)ش هەیە کە جۆرێکی زۆر بڵاوەو پەیوەندی‌یەکی زۆری بـــە رەنگەکانی دێوجامەوە هەیە کە زۆربەی رەش‌و زەردە .

٤ ــ ئەو کەوەی کە راوی پێ دەکرێ بەبێ قەفەزو دەســـت بەجێ لە مەیدانی راودا دەبەســـترێتەوەو پێی دەڵێن ( رووباد ) .. ئەم جۆرە کەوی راوی‌یە بە دەگمەن دەست دەکەوێت .

٥ ــ لە فۆلکلۆری کوردیدا باسی قەفەزی کەو کراوەو دیارە کە لە کۆنەوە لەگەڵ ئەم جۆرە مەلەدا ئاشـــنایە ، وەك دەوترێ :

هەدار هەدار دار چەماوە
گەڕا پشتی چەرمی خاوە
زیندەوەرەکی جوانی لە ناوە

**ــ کاروان ــ**

# شۆڕە

**جلال ملاحسن خۆشناو**
**هەولێر**

**شۆڕە : واتە باروتی خۆماڵی .**
**چیاکانی کـوردستان ئـەشکەوتی زۆرەو لە پـاییزو زستاندا دەبنە مۆلگای مەڕو ماڵات . لە ئەنجامی زۆر مانەوەی ئەم مەڕو ماڵاتەدا ، ئەشکەوتەکان پڕ دەبن لە پەیین‌و چین دەکەوێتە سەر چین . کە بەهار داهات ئـەوانـەی شـۆڕە دروسـت دەکـەن ، دەچـنـە ئەشکەوتەکان ، بەگەسك ئەی ماڵن‌و سەرەکەی لە تۆزو خۆڵ پاك دەکەنەوەو لێی ئەگەڕێن تا هـاوین دادێ . ئەو پەینەی کە چین لەسەر چین کۆ بوەتەوە شتێـکی سپی وەك خـوێ دەر دەدات‌و لە چـلەی هاویندا بە گەسك خـڕ دەکرێتـەوەو دەخرێتـە ناو توورەکەیەکەوەو ئەیهێننەوە ماڵ ..**

**ئنجا توورەکەکە لەناو تەشتێك دا دەندرێ‌و ئاوی کوڵاوی بەسەردا دەکرێت بۆ ئەوەی بشوردرێتەوەو بتاوێتەوە ناو تەشتەکە . هەموو ئاوو شۆڕەکە لە پارچەیەك لباد ئەکرێت بۆ ئەوەی بپاڵێورێت ..**
**ئاوە پاڵاوتەکە لەناو مەنجەڵێك دەکوڵێنرێت تا وەك دۆشاو خەست ئەبێت . لە دواییدا دەخرێتە ناو تەشتێك‌و ئـەم ئاوەی کە دەکەوێتە ژێر شۆڕە مەییوەکە لێی دەرژێنن .**
**ئەم شۆڕەیە دوو جاری دی لەناو ئاودا دەکوڵێنرێت تـا وەکو خوێ سپی دەبێت‌و شێوەی شۆڕەکە وەکو لوولەی بچووکی لێ دێت لەناو مـەنجەڵەکـەدا . لە پاشـدان بە رێژەیەکی رێك ، یەك جێ کۆکرد ، شەش جێ شۆڕەو یەك جێ ڕەژوو لەیەك دەدرێ‌و لە جۆنی یان هاوەندا ئەکوترێ تا خۆی لەیەك دەداو بە تەواوی تێکەڵاو دەبێت‌و ئەبێتە شۆڕەی ئامادە کراو ..**
**بۆ دڵنیا بوون کە بزانن شۆڕەکە ئاگر باش دەگرێت یان نا ، تۆزێکیان لەم شۆڕەیە دەخستە سەر کەڵا چرویکەوەو پەلە قاوەی بە ئاگریان لەسەر دا دەنا . ئەگەر زوو ئاگری بگرتایەو بەرز ببایەوە مانای ئەوەیە شۆڕەکە باش دروست بووە**

**وە ئەگەر کفە کفی بکردایەو بە ئاسانی هەڵنەستایا مانای ئەوە بوو شۆڕەکە نـەبووەو دووبـارە لەناو جۆنیان دەکوتایەوە تاکو شۆڕەکە دەبوو . لە کۆنەوە شۆڕە خۆراکی چەکە کـۆنەکـان بووە وەك تفـەنگە رەشکە یان گوللە زەن یان تـۆپەکـانی وەستا رەجب لەسەر دەمی پاشای کۆرەدا لە شاری رواندوز .**